زنجیرە ڕێنماییەکانی دێرین ژمارە (٧٤) ژمارەی مۆڵەت (١)

بەڵگەکانی حەرامیەتی

هاوارکردن و پاڕانەوە لە غەیری خوا



نوسین و ئامادەکردنی
م هەڵگورد مصطفی گەلاڵەیی

چاپی یەکەم ١٤٣٧ کۆچی

پەرتوکخانەی دێرین

پێشەکی

الحمدلله رب العالمين و الصلاة و السلام علي نبينا محمد وآله و صحبه ومن تبعهم بإحسان إلي يوم الدين .

بەڕێزان بە پشتیوانی خوای گەورە لەم نامیلکەیەدا باسی چەند بەڵگەیەکی قورئان و فەرمودەی صەحیح دەکەین سەبارەت بەحەرامیەتی هاوارکردن و پاڕانەوە لەغەیری خوا - لە پێغەمبەران و پیاو چاکان و جنۆکە و فریشتە و بت و گۆڕەکان - بێگومان هاوارکردن و پارانەوە عیبادەتێکە لەعیبادەتەکان پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی : ﴿إِنَّ الدُّعَاءَ هُوَ الْعِبَادَةُ﴾. صحيح الأدب المفرد : ٧١٤/٥٥٣ . واتە : داواکردن و پاڕانەوە عیبادەتە .

بۆیە ئەم عیبادەتە دەبێت تەنها بۆ خوای گەورە بکرێت و بۆ غەیری خوا شرکی گەورەیە و هەرکەسێك بەزانستەوە ئەنجامی بدات و پێش مردنی تەوبەیەکی ڕاستەقینەی لەسەرنەکات ئەوە خوای گەورە لێی خۆش نابێت و لەرۆژی دواییدا بە هەمیشەیی لە ناو ئاگری دۆزەخدا دەمێنێتەوە , خوای گەورە فەرمویەتی : ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ وَمَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا بَعِيدًا﴾. (النساء: ١١٦) .

واتە : بەڕاستی خوا خۆش نابێت لەوە هاوەڵ و شەریکی بۆ بڕیار بدرێت بەڵام جگە لەو (هاوبەش دانانە) لە گوناهەکانی تر بۆ هەر کەس بیەوێت و شایستە بێت و (پەشیمان بێت) خۆش دەبێت ، جا ئەوەی شەریك و هاوەڵ بۆ خوا بڕیار بدات ، ئەوە بەڕاستی گومڕا بووە بەگومڕاییەکی زۆر دوور .

بەڵام ئەگەر کەسێك بەهەڵە و نەزانینەوە ئەو تاوانەی ئەنجام دابێت ئەوە ان شاء الله خوای گەورە لێی ناگرێت و لێی خۆش دەبێت .

بەڵگەکانی حەرامیەتی هاوارکردن و پاڕانەوە لە غەیری خوا

بەڵگەکانی قورئانی پیرۆز

١) خوای گەورە فەرمویەتی : ﴿وَأَنَّ الْمَسَاجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُوا مَعَ اللَّهِ أَحَدًا﴾، **الجن: ١٨.**

واتە : مزگەوتەکان ماڵی خوان ، لەگەڵ خوا هاوارو هانا بۆ هیچ کەسێکی تر مەبەن .

- تێبینی: زانایانی زانستی (اصول الفقه) فەرموویانە: (النكرة في سياق النهي تفيد العموم) . واتە ئیسمی نەکیرە ئەگەر لەڕستەی نەهی هات فایدەی گشتیەتی دەدات ، وەکو ووشەی (أحدا) لەم ئایەتە پیرۆزەدا کە ئیسمێکی نەکیرەیە ئەلیف و لامی تەعریفی پێوە نیە ، وە لە سەرەتای رستەوە لای ناهیە هاتووە (فَلَا تَدْعُوا..) بۆیە هەروەکو چۆن پاڕانەوەو عیبادەت کردن بەهەموو جۆرەکانیەوە بۆ بت و سەنەمەکان شەریك بۆ خوا دانانە بەهەمان شێوە بۆ پێغەمبەران و پیاوچاکانیش دروست نیە و شەریك بۆ خوا دانانە ، ووشەی (احدا) هەموو شتێك دەگرێتەوە جگە لەخوا .

٢) خوای گەورە فەرمویەتی : ﴿فَلَا تَدْعُ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ فَتَكُونَ مِنَ الْمُعَذَّبِينَ﴾ **الشعراء:٢١٣.**

واتە : لەگەڵ خوای گەورە داواو هانا بۆ پەرستراوێکی تر مەبە (ئەگەر وابکەی) لە سزادراوان دەبیت .

٣) خوای گەورە فەرمویەتی : ﴿وَلَا تَدْعُ مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَنْفَعُكَ وَلَا يَضُرُّكَ فَإِنْ فَعَلْتَ فَإِنَّكَ إِذًا مِنَ الظَّالِمِينَ﴾ **يونس: ١٠٦.**

واتە : داوا لەغەیری خوا مەکە کە نەسوودت پێدەگەیەنێت ، وە نەزیانیشت لێدەدات ، ئەگەر داوا لەغەیری خوا بکەیت ئەوە بەڕاستی لە ستەمکاران دەبیت .

٤) خوای گەورە فەرمویەتی : ﴿وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّنْ يَدْعُو مِنْ دُونِ اللَّهِ مَنْ لَا يَسْتَجِيبُ لَهُ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ وَهُمْ عَنْ دُعَائِهِمْ غَافِلُونَ وَإِذَا حُشِرَ النَّاسُ كَانُوا لَهُمْ أَعْدَاءً وَكَانُوا بِعِبَادَتِهِمْ كَافِرِينَ﴾ **الأحقاف: ٥ - ٦.**

واتە: کێ لەو کەسە گومڕا ترە کە هاوار دەکاتە غەیری خواو لێی دەپاڕێتەوە لەکاتێکدا وەڵامی ناداتەوە ئەگەر هەتا ڕۆژی قیامەتیش لێی بپاڕێتەوە ، ئەوان لە پاڕانەوەو داواکاریەکانیان بێ ئاگان ، وە کاتێك خەڵکی کۆ کرایەوە بۆ لێپرسینەوە (داوالێکراوان) لێیان دەبن بە دوژمن و بەو عیبادەتانەش بێ باوەڕ دەبن کەبۆیان کراوە .

ـ ووشەی (من دون الله) بەمانای جگە لەخوای گەورە دێت ، بۆیە شرکە و حەرامە داوا لەهیچ شتێك بکرێت جگە لە (الله) ، جا ئەم شتە چ داربێت یان بت و سەنەم بێت ، یان پێغەمبەران و پیاوچاکان بێت .

٥) خوای گەورە فەرمویەتی : ﴿وَمَنْ يَدْعُ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ لَا بُرْهَانَ لَهُ بِهِ فَإِنَّمَا حِسَابُهُ عِنْدَ رَبِّهِ إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الْكَافِرُونَ﴾. **المؤمنون: ١١٧**.

واتە: هەرکەسێك لەگەڵ خوا هاناو هاوار بۆ پەرستراوێکی تر ببات لەسەر ئەو کارەی هیچ بەڵگەیەکی بەدەستەوە نیە ، بەراستی لێپێچینەوەی ئەوکەسە تەنها لەلای پەروەردگاریەتی کە (الله) یە ، وە هەرگیز بێ باوەڕان سەرفراز نابن .

٦) خوای گەورە فەرمویەتی : ﴿إِنْ تَدْعُوهُمْ لَا يَسْمَعُوا دُعَاءَكُمْ وَلَوْ سَمِعُوا مَا اسْتَجَابُوا لَكُمْ وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكْفُرُونَ بِشِرْكِكُمْ وَلَا يُنَبِّئُكَ مِثْلُ خَبِيرٍ﴾. **فاطر:١٤**.

واتە: ئەگەر هانا و داوایان لێبکەن داواو هاناکانتان نابیستن ، وە ئەگەر بشبیستن وەڵامتان نادەنەوە ، وە لەڕۆژی دواییدا (ئەوانەی کە هاوارتان دەکردنێ جگە لەخوا) بێ باوەڕ دەبن بەو هاوەڵ بڕیاردانەتان ، وە هیچ کەسێك وەك خوا ناتوانێ لەو کارانە ئاگادارت بکاتەوە و هەواڵت پێبدات .

٧) خوای گەورە فەرمویەتی : ﴿وَالَّذِينَ تَدْعُونَ مِنْ دُونِهِ لَا يَسْتَطِيعُونَ نَصْرَكُمْ وَلَا أَنْفُسَهُمْ يَنْصُرُونَ﴾ **الأعراف: ١٩٧**.

واتە: ئەوانەی ئێوە هاوار و هانایان بۆ دەبەن جگە لە (الله) ناتوانن سەرتان بخەن ، وە ناتوانن خۆشیان سەرخەن .

٨) خوای گەورە فەرمویەتی : ﴿وَالَّذِينَ تَدْعُونَ مِنْ دُونِهِ مَا يَمْلِكُونَ مِنْ قِطْمِيرٍ﴾ فاطر : ١٣.
واتە : ئەوانەی ئێوە هاوار و هانایان بۆ دەبەن جگە لە (الله) خاوەنی توێکڵە سپیەکەی ناوکی خورماش نین .

٩) خوای گەورە فەرمویەتی : ﴿إِنَّ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ عِبَادٌ أَمْثَالُكُمْ فَادْعُوهُمْ فَلْيَسْتَجِيبُوا لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ﴾ الأعراف : ١٩٤.
واتە : بەڕاستی ئەوانەی ئێوە هاوار و هانایان بۆ دەبەن جگە لە (الله) وەکو ئێوە بەندەو دروستکراون ، دە بانگیان بکەن با وەڵامتان بدەنەوە ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن ئەوانە شتێکیان بەدەستە .

١٠) خوای گەورە فەرمویەتی : ﴿وَإِنْ يَمْسَسْكَ اللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُ إِلَّا هُوَ وَإِنْ يُرِدْكَ بِخَيْرٍ فَلَا رَادَّ لِفَضْلِهِ﴾ سورة يونس آية : ١٠٧.
واتە : ئەگەر خوای گەورە تووشی زەرەرو زیانێکت بکات هیچ کەسێك ناتوانێت لەسەرت لایبدات تەنها (الله) نەبێت ، وە ئەگەر خێرێکی بۆت بوێت هیچ کەسێك توانای ڕەددانەوەی نیە .

١١) خوای گەورە فەرمویەتی :﴿أَمَّنْ يُجِيبُ الْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ السُّوءَ﴾ سورة النمل : ٦٢.
واتە : ئایە جگە لە (الله) کێ وەڵامی کەسی لێقەوماو دەداتەوە کاتێك داوای لێدەکات و بەڵاو ناخۆشی لەسەر لادەدات .

١٢) خوای گەورە فەرمویەتی : ﴿وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ﴾ غافر : ٦٠.
واتە : پەروەردگارتان فەرموویەتی هانا و هاوارم بۆ بێنن وەڵامتان دەدەمەوە ، بەڕاستی ئەوانەی خۆیان بەزلدەزانن لەئاستی پەرستنی مندا لەئاییندەدا بە سەرشۆڕی دەچنە ناو دۆزەخ .

- بەڕێزان دەبینین خوای گەورە لەم ئایەتە پیرۆزەدا فەرمویەتی (أدعونی) واتە داوا لەمن بکەن ، نەیفەرمووە (أدعونی والانبیاء والصالحین) نەیفەرمووە داوا لەمن و پێغەمبەران و پیاوچاکان بکەن ، ئەگەر دروست بایە ئەوە بێگومان خوای گەورە فەرمانی پێدەکردین کە داوا لە پێغەمبەران

و پیاوچاکانیش بکەین ، بەڵام دەبینین دەفەرمووێت تەنها داوا لەمن بکەن و داوا لەهیچ شتێك نەکەن جگە لە (الله) .

١٣) خوای گەورە فەرمویەتی : ﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ﴾ سورة البقرة: ١٨٦.

واتە : ئەگەر بەندەکانم پرسیاری منیان لێت کرد پێیان بڵێ بەڕاستی من لێیان نزیکم وەڵامی داواکار دەدەمەوە کاتێك داوام لێدەکات ، دەبا ئەوانیش وەڵامم بدەنەوەو گوێڕایەڵم بن و باوەڕم پێبێنن بۆ ئەوەی ڕێگای هۆشیاری و ئاگایی بگرنەبەر و (سەرفرازی دونیا و قیامەت بن) .

١٤) خوای گەورە فەرمویەتی : ﴿إِنَّ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ لَنْ يَخْلُقُوا ذُبَابًا وَلَوِ اجْتَمَعُوا لَهُ﴾ الحج: ٧٣.

واتە : بەڕاستی ئەوانەی ئێوە هاوار و هانایان بۆ دەبەن جگە لە (الله) مێشولەیەکیشیان پێ دروست ناکرێت ئەگەر هەر هەموشیان (بۆ دروست کردنی) کۆ ببنەوە هەر ناتوانن .

(کەواتە چۆن شایەنی ئەوەن هاوار و هانایان بۆ ببردرێت کە توانای دروستکردنی مێشولەیەکیان نیە !!) .

بۆیە کێ خالق و دروستکارە دەبێت تەنها ئەو بپەرسترێت و هانای بۆ ببردرێت کە بریتیە لە (الله جل جلاله) .

((بەڵگە لە فەرموودە سەحیحەکان))

١) عَنِ النُّعْمَانِ بْنِ بَشِيرٍعَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ : " إِنَّ الدُّعَاءَ هُوَ الْعِبَادَةُ" ثُمَّ قَرَأَ: ﴿ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ﴾ غافر: ٦٠ .صحيح الأدب المفرد : ٧١٤/٥٥٣ .

واتە : لە نوعمانی کوڕی بەشیرەوە (ڕەزای خوای گەورەی لێبێت) فەرمووی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : داواکردن وپاڕانەوە عیبادەتە ، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە : (ادعوني استجب لكم) واتە : خوای گەورە دەفەرمووێت : داوام لێبکەن وەڵامتان ئەدەمەوە.

ـ بەڕێزان لەم فەرموودەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە داواکردن وپاڕانەوە عیبادەتە ، کەواتە کاتێك زانیمان داواکردن و پاڕانەوە عیبادەتە ئیتر دەبێت ئەو عیبادەتە تەنها بۆخوای گەورە ئەنجام بدەین و بۆ غەیری خوا شرکە و دروست نیە .

٢) عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ : كُنْتُ خَلْفَ رَسُولِ اللّٰهِ ﷺ يَوْمًا فَقَالَ: «يَا غُلَامُ احْفَظِ اللّٰهَ يَحْفَظْكَ احْفَظِ اللّٰهَ تَجِدْهُ تُجَاهَكَ وَإِذَا سَأَلْتَ فَاسْأَلِ اللّٰهَ وَإِذَا اسْتَعَنْتَ فَاسْتَعِنْ بِاللّٰهِ وَاعْلَمْ أَنَّ الْأُمَّةَ لَوِ اجْتَمَعَتْ عَلَي أَنْ يَنْفَعُوكَ بِشَيْءٍ لَمْ يَنْفَعُوكَ إِلَّا بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللّٰهُ لَكَ وَلَوِ اجْتَمَعُوا عَلَي أَنْ يَضُرُّوكَ بِشَيْءٍ لَمْ يَضُرُّوكَ إِلَّا بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللّٰهُ عَلَيْكَ ، رُفِعَتِ الأقلام وجفَّت الصُّحُف» . (صَحِيح) مشكاة المصابيح : ٥٣٠٢ .

واتە : لە عبداللە ی کوڕی عەبباسەوە (ڕەزای خوای گەورەی لێبێت) فەرمووی : ڕۆژێکیان من لە دوای پێغەمبەری خوا بووم ﷺ پێی فەرمووم : ئەی منداڵ سنورەکانی خوای گەورە بپارێزەو گوێڕایەلی بکەو سەرپێچی مەکە ، خوای گەورە دەتپارێزێت ، سنورەکانی خوای گەورە بپارێزە یارمەتی و سەرکەوتن دەبینی لە لایەن خوای گەورەوە ، وە هەرکاتێك داوات کرد تەنها داوا لە خوای گەورە بکە ، وە هەرکاتێك داوای یارمەتی و پشت بەستنت کرد داوای یارمەتی تەنها لە خوای گەورە بکەو پشت تەنها بە خوای گەورە ببەستە ، بزانە گەر هەموو خەڵکی (لە پێغەمبەران و پیاوچاکان و غەیری ئەوانیش) کۆببنەوە بۆ ئەوەی سودێکت پێ بگەیەنن ، سودت پێ ناگەیەنن ئیللا ئەوە نەبێت کە خوای گەورە بۆتی نووسیوە ، وە ئەگەر کۆببنەوە بۆ ئەوەی زەرەری شتێکت پێ بگەیەنن ناتوانن زیانت پێبگەیەنن تەنها ئەوە نەبێت کە خوای گەورە لەسەرتی نوسیوە ، پێنوسەکان هەڵگیران لە نوسینی تەقدیرات و مەرەکەبی پەرتووکەکانیش وشك بوون .

٣) لە فەرمودەیەکی دوور و درێژدا هاتوە پێغەمبەری خوا ﷺ بەجابری کوڕی سولەیم دەفەرموێت : ﴿أَنا رَسُول الله الَّذِي إِذا أَصابَكَ ضُرٌّ فَدَعَوْتَهُ كَشَفَهُ عَنْكَ وَإِنْ أَصَابَكَ عَام

سَنَةٍ فَدَعَوْتَهُ أَنْبَتَهَا لَكَ وَإِذَا كُنْتَ بِأَرْض قفراء أَوْ فَلَاةٍ فَضَلَّتْ رَاحِلَتُكَ فَدَعَوْتَهُ رَدَّهَا عَلَيْكَ ﴾ (صَحِيح) مشكاة المصابيح : ١٩١٨ .

واته : من نێردراوی ئەو خوایەم کاتێك كە ناخۆشیەكت تووشدەبێت ، داوای لێ بكەیت ناخۆشیەكەت لە سەر لادەبات ، وە ئەگەر وشكە ساڵێت تووش بوو داوای لێ بكەیت وەلآمت دەداتەوەو بارانت بۆ دەبارێنێت و گژوو گیات بۆ شین دەكات ، وە ئەگەر لە شوێنێكی چۆڵ و سەحراو دوور لە ئاوەدانی بوویت بار هەڵگرەكەت وون بێت داوای لێ بكەیت بۆت دەگەڕێنێتەوە .

٤) قَالَ رَسُولُ اللَّه ﷺ : ﴿يَخْرُجُ عُنُقٌ مِنَ النَّارِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ لَهَا عَيْنَانِ تُبْصِرَانِ وَأُذُنَانِ تَسْمَعَانِ وَلِسَانٌ يَنْطِقُ يَقُولُ: إِنِّي وُكِّلْتُ بِثَلَاثَةٍ: بِكُلِّ جَبَّارٍ عَنِيدٍ وَكُلِّ مَنْ دَعَا مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخر وبالمصوِّرين﴾ . (الصحيحة) ٢٦٩٩ .

واته : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : لەڕۆژی دواییدا ملێك لە ناو ئاگری دۆزەخدا دێتە دەرەوە ، دوو چاوی هەیە پێیان دەبینێت ، وە دوو گوێچكەی هەیە پێیان دەبیستێت ، وە زمانێكی هەیە قسەی پێدەكات و دەڵێت : من كراومەتە وەكیل بۆ سزادانی سێ كەس ، یەكەم : هەموو كەسێكی ستەمكار و خۆ بەزلزان ، دووەم: هەموو ئەو كەسانەی كە لە گەڵ خوا داوا لە كەسێكی تر دەكەن ، سێ یەم: هەموو وێنەكێش و وێنەگرێك .

ـ ئەوی مەبەستە لەم فەرموودەیەدا ڕستەی: ﴿وَكُلِّ مَنْ دَعَا مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخر﴾ واتە: هەموو ئەو كەسانەی كە لە گەڵ خوا داوا لە پەرستراوێكی تر دەكەن ، جا ئەو پەرستراوە هەر شتێك بێت ، دار بێت ، بەرد بێت ، پەڕۆبێت ، مرۆڤ بێت ، فریشتە بێت ، جنۆكە بێت جیاوازی نیە .

اللهم تقبل منا إنك أنت السميع العليم — وتب علينا إنك أنت التواب الرحيم

وصلي الله علي نبينا محمد وآله وصحبه وسلم

٢٤ رجب ١٤٣٧ هـ — ١ / ٥ / ٢٠١٦ م

سۆران

لە بڵاوكراوەكانی پەرتوكخانەی دێرین — سۆران - ٠٧٥٠٤١٢٨٢٢٠